# هاوڵاتی یەك "پێویستە سەرۆک بگەڕێتەوە بۆ ناو جەماوەر تاوەکو مناڵێکیش تێبینی خۆی هەبێت"

ئا/ ستافی سەنتەر

**پاش سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ سلێمانیو پەخشکردنی کردنی گرنگی ئەم سەردانە، لەراگەیاندنەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداراو هەروەها مقۆمقۆی خەڵک لەشەقامەکانو شوێنە گشتییەکاندا سەبارەت بەم سەردانە هەفتەنامەی (ڕێوان) راپرسییەکی لەناو خەڵکدا سەبارەت بە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ سلێمانیو راپرسییەکەش بەژمارەی(٥٠٠) فۆرمو لەنێو هەردوو رەگەزو هەروەها توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگاو، چەندین شوێنی جیاوازی وەک شەقامو گەڕەکو بازاڕو هەندێک لەناوەندەکانیدا ئەنجام دا.**

**پرسیاری یەکەمی فۆرمی راپرسی:**

**بوونی سەرۆکی هەرێم تا چەند هیوای ئەوەی لادروست کردووی کە لەمەودوا ژیانی تۆی هاوڵاتی بەرەو گۆڕانێکی باشتر بڕوات؟**

لە١٦%ی بەشداربووانی **راپرسییەکە گەشبینن بەرامبەر بوونی سەرۆکی هەرێمو لە ١٩% تا ڕادەیەك گەشبیننو لە ٦٠% ی هیوایان گۆڕان نیەو لە ٢% بەنازانم وەڵامیان داوەتەوەو لە ٣%یش وەڵامی فۆرمەکانیان نەداوەتەوە.**





نمونەیەك لەوەڵامەکانی هاوڵاتیان:

هاوڵاتییەك وتی "بێ ئەوەی بەبیری حیزبانە لابدەم، ئەم سەردانەی بەکارێکی ئیجابی هەڵدەسەنگێنم، بەڵام جارێ بەرهەمی سەردانەکەی وا زوو بەدەرناکەوێ، هیوام زۆرە بەسەردانەکەی، ئەگەر بەنیەتی پاكو کوردانە هاتبێت وە دوور لەهەموو کارەساتەکانی رابردوو".

هاوڵاتی یەکی تریش لەوەڵامی فۆرمەکاندا نوسیویەتی "هیوای بوون بەدەوڵەتی کوردی لاگەورە کردم، بەڵام دوور لەخۆسەپاندن، پێویستە سەرۆك بگەڕێتەوە بۆ ناو جەماوەر تاوەکو مناڵێکیش تێبینی هەبێت بۆ سەرۆك".

هاوڵاتی یەکیش رەشبینانە لەوەڵامی پرسیارەکاندا نوسیویەتی "پێم وانیە هیچ گۆڕانکارییەك دروست بێت، چونکە باری هەولێرو دهۆك خراپتر بوون کە ١٠ ساڵە سەرۆکی هەرێم سەرۆکیانە".

هاوڵاتی یەکیش کە خۆی بەزامداری شەڕی ناوخۆ ناساند نوسیویەتی "ئەوانەی کە ئەمڕۆ دەسەڵاتێکی یاسایین لەدوێنێدا میرەکانی شەڕی ناوخۆبوون، ئەکرێ بڵێین ئەو ئەقڵیەتانەی تا دوێنێ بەپاساوی جۆراوجۆر مرۆڤی کوردیان دەکوشت تاچەند گۆڕانکاری ئیجابی لەبیروبۆچوونەکانیاندا روویداوە، ئەوەیان بۆ گۆڕانکاریەکانی داهاتوو، من رەشبینم".

گەنجێکی توڕەش کە تکای ئەوەی کرد وەك خۆی وەڵامەکانی بڵاوبکرێتەوە نوسیویەتی:

١- وەکو جاران دەبێت.

٢- (کاکە) قسەت خۆش بوو، چونکە شوێنەکەت خۆش بوو، ئەی خەڵکینە ئەوانەی ٥ گەڵا دەدەن بەکرێی خانوو.

زۆرم پێیە (کاکە گیان) چی بکەم چی؟!

**پرسیاری دووەمی فۆرمی راپرسی:**

بەڕای تۆ هاتنی سەرۆکی هەرێم بۆ سلێمانی بۆ گوێگرتن بوو لەخەڵك یان کۆبوونەوە لەگەڵ حیزبو رێکخراوە حیزبیەکان؟

**لە ٧٣% ی بەشداربووانی راپرسییەکە پێیان وایە ئەو سەردانە تەنها کۆبوونەوە بوو لەگەڵ حیزبەکانو رێکخراوە حیزبیەکانو لە ١٤%ی بەشداربووانی راپرسییەکە پێیانوایە بۆ کۆبوونەوە بوو لەگەڵ جەماوەرو لە ٩%ی بەشداربوانیش بەنازانم وەڵامیان داوەتەوەو لە ٤%یش وەڵامی فۆرمەکانیان نەداوەتەوە.**

نمونەیەك لەوەڵامەکانی هاوڵاتیان

هاوڵاتی یەك نوسیویەتی "ئەگەر بۆ خەڵك بووایە، دەچووە ناو خەڵکەوە، بەڵام گوێگرتن لەخەڵك لەبارەگای حیزبەکان، گوێگرتن بوو لەحیزب".

هاوڵاتی یەکی تر نوسیویەتی "بۆ راستکردنەوەو تەسفیەکردنی حساباتی کۆنو نوێی بەینی هەردوو حزبە گەورەکە بو، لەهەمان کاتدا بۆ گەڕانەوەی متمانەبوو لەنێوان هەردوو حزبی دەسەڵاتداردا، واتە پەیوەندی بەخەڵکەوە نەبو".

هاوڵاتی یەکی تریش ئاماژەی بەوە داوە کە "تەنها لەبەر بەرژەوەندی حیزبایەتی خۆیان بووە نەك گوێگرتن لەخەڵکی، چونکە ئەوان لەجیاتی دوو گوێچکە چەندین گوێچکەی تری جاسوسی نێو خەڵکیان هەیەو بەئاشکرا دەنگیان دەبیستن، بەڵام ئامادەنین بەهیچ جۆرێ گوێ بگرن!"

هاوڵاتی یەکی هاودەنگی دوو وەڵامەکەی پێشوو نوسیویەتی "بەرای من تەنیا شتێکی رۆتینی بوو هیچی دیکە، چونکە پێشتر لەم جۆرە کارانەیان زۆر دیوەو دواتر هیچ ئەنجامێکی لێ نەکەوتۆتەوە، لەبەر ئەوە بەبڕوای من تەنیا بۆ کۆبنەوەو چاوپێکەوتن بووەو بەس".

هاوڵاتی یەکیش بەلەبەرچاوگرتنی پەیوەندی گرژی پێشووی نێوان هەردوو حیزب نوسیویەتی "زیاتر بۆ گوێگرتنو کۆبونەوە بوە لەگەڵ حیزبو رێکخراوو حزبیەکانو ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی نێوان پارتیو یەکێتی".

# سەرۆکی هەرێم "کاتی ئەوە هاتوە وەکو سەرکردەیەکی سیاسی مامەڵە بکەیت نەک وەک سەرۆکی حیزب"

روناک

لەچاوپێکەوتنێکی کەناڵی ئاسمانی کوردستان T.V, شەوی شەممە ٢٠٠٦/٧/٢٨ لەوەڵامی پرسیارێکی شیروان عیزەت، بۆ عیزەدین بەرواری بەرپرسی لقی چواری پارتی دیموکرات، سەبارەت بە گرنگی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ سلێمانی، عیزەدین بەرواری، لەبری وشەی سەردان، زاراوەی (زیارەت)ی بەکارهێنا بۆ کردنی بەرگێکی پیرۆز بە بەری ئەم سەردانەدا، هەروەها بۆ پێدانی پیرۆزی بەهاتنەکە، هاوکات گرنگی سەردانەکەی، لە٦خاڵدا چڕکردەوە، وەك:

١-بەرێزی بەم سەردانەی دیالۆگی راستەوخۆی لەگەڵ جەماوەر ئەنجامدا، بێگومان ئەمە بەهەڵە تێگەیشتنی حیزبیەکانی ئێمەیە کە لەجێگای خەڵك وەڵام دەدەنەوە، ئەمە بەگەورەترین زیان دەشکێتەوە لەو روانگەیەی کە ئەندامانی ئەم لق و مەڵبەندانەی حیزب چاوی حیزبن لەناو جەماوەردا، بەچ پێودانێك سەرو خۆیان بەهەڵەدا دەبەنو دەشیانەوێت راستیەکان چەواشە بکەن، سەرۆکی هەرێم کە هاتوە لەهۆڵێکداو زیاتر کۆبونەوەی لەگەڵ ئەو کەسانە کردوە، کە چەندین ساڵە کۆبونەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.

لەخاڵی دووەمدا وتی "هاتنەکەی مەترسیو گومانەکانی لای خەڵکی ڕەواندەوەو هەروەها وەڵامی زۆرێك لە پرسیارەکانی دایەوە" بەڕێزی وەک بەرپرسی لق و ووتەبێژی پارتی دیموکرات، کەی واز دەهێنن لەم بەرەهایی قسەکردنە، وەڵامی کام پرسیارانەو کێ بون ئەوانەی پرسیاریان کرد، ئەوە راستیەکی حاشاهەڵنەگرە، کە پرسیاری خەڵك زۆرەو، وەڵامیش تەنها بەهەنگاونان بۆ نەهێشتنی گەندەڵیو هێنانەدی دادوەری کۆمەڵایەتی دەدرێتەوە، کە ئەمەش بەتەنها لەچەند دەستەواژەیەکی سەرۆکدا بەدی نایەت.

بەڵام بۆ رەوینەوەی ترسو گومانەکان لەبارەی ئەم یەکگرتنەی هەردوو حیزب ئەوە دەکرێت بڵێین تاڕادەیەك دروستە، بەو پێوەرەی کە هاتنی بۆ قەلاچوالانو قسەکردنی لەهۆڵی کۆبونەوەکانی یەکێتی نیشتمانیو تێکەڵکردنی کادرانی حیزبیو پیشەیی هەردوولا ئەمەیان بۆ خۆی تاڕادەیەك ترسی خەڵکی رەواندەوە.

٣-سەرۆك لەکۆبونەوەی لەگەڵ گەنجانو مامۆستایانی ئاینیدا، تەحزیری خەڵکی کرد کە رێگە نەدرێت فکری نامۆ بێت بۆ ناو کۆمەڵەکەمان؟ هەر خاڵێك بۆ خۆی هەڵوەستەیەکی لەبەردەمدا پێویستە، دەپرسین ئایا بەتەحزیر فکری نامۆ نایەت؟ یان بەپەروەردەو گرنگیدان بەخەڵكو نەهێشتنی گەندەڵیو دروستکردنی هیوا لای گەنجان بۆ ئەوەی چاو نەبڕنە دنیایەکی دی، ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لەگرفتە گەورەکان کە تائەمڕۆش پێمانوابێت بەتەحزیر فکری نامۆنایەت، دیاربوو بەڕێزی مەبەستی لەفکری نامۆ گروپە ئیسلامیەکان بوو.

٤-بەڕێزی باسی لە گرنگیدان بەدامەزراوەی کۆمەڵێ مەدەنی (موئەسەساتی) کرد، ئەم خاڵە بەتایبەت جێگای رەخنە لێگرتنە، بەوەی کە سەرۆکی هەرێم بەر لەهەڵبژاردنی بەسەرۆکی هەرێمو لەکاتی دەنگدان بەلیستی ٧٣٠ لەهەولێر نوێنەری سەرجەم رێکخراوەکانی ژنانی بانگهێشت کردو جەلال تاڵەبانیش لەقەڵاچوالان بەهەمان شێوە، مەبەستی سکرتێری هەردوو حیزب ئەوەبوو کە لە سەرکەوتنی ئەو دوو لیستە کار بۆ زیاتر گرنگیدان بەرێکخراوەکانی ژنانو رێکخراوە مەدەنیەکان دەکرێت، ئەم کۆبونەوەیەی سەرۆکی هەرێم دوای سەرکەوتنی لیستی هاوپەیمانی یەکەم کۆبونەوەیە کە تەنها رێکخراوەکانی سەر بەهەردوو حیزب بانگهێشتکراون، بۆیە بەکاك عیزدینو نوێنەری هەردوو حیزب دەڵێین ئەمەیە کارکردن بۆ گەشەکردنی کۆمەڵی مەدەنی؟ کە تەنها لەگەڵ ئەو رێکخراوانە کۆببنەوە کە سەر بە حیزبن، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر کە هەیە توانای ئابوری بخەنە بەردەستیانو پاشان بەرنامەڕێژی بکرێت بۆ گەشەکردنیانو تا لەوێوە خەڵك ئامادەکەن بۆ هەڵبژاردنێکی دی کە ئەو دووحیزبە بڕیارە پێکەوە دابەزنو کەس مونافسیان نەبێت.

دیارە بۆ گرنگی ئەم سەردانە دەکرێت بڵێین ئەمڕۆ ئەرکی سەرۆکی هەرێم لە پێشوو سەخترەو دەکرێت ئەو تورەییەی دژ بەگەندەڵی زۆر لەشارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە بەگشتیو سلێمانی بەتایبەتی بەهەند وەربگیرێتو لەبەرنامەی حکومەتدا کاری جدیو هەنگاوی عەمەلی بۆ بنرێتو بەتەنهاش گوێبیستی لایەنگرانو ئەندامانی حیزب نەبن بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکان، لە کۆتاییدا ئەوە ماوە بڵێین کە کاتی ئەوە هاتوە وەکو سەرکردەیەکی سیاسیو وڵاتێکی بە ستمکراوو یاسایی کار بکەن نەك وەك سەرۆکی حیزب و دەزگای حزبی.